# تەوەرێک لە سەر نەخۆشیەکانی گوورچیلە -Nephrotic disease -



1- بۆڕی گەورەی خوێنی گوورچیلە
2- Aorta
3- Vena Cava Inferior - بۆڕی گەورەی خوێن بەشی ژێرەوە)
4- بۆڕی خوێنی گوورچیلە
5- Kidney- گوورچیلە
6- بۆڕیەکانی میز هێنەر لە ناو زگ دا - Ureters
7- Vesica urinaria - میزلدان
8- Urethra میزدۆش
9- Pelvis- حەوز



گوڵاڵە پشدەری - هۆڵەندا

## بەشی یەکەم

**جەستە یان لەشی مرۆڤ دوونیایەکی پڕ لە سرنج و تەکنیکە: هەموو ڕۆژێک لەشی مرۆڤ مادە پێکهاتەکانی بە سوود درووست ئەکات و مادەی ژەهراوی لە جەستە دا فڕێ ئەداتە دەرەوە ....**

## پێرست :

1- گوورچیلەکانت زۆر گرنگن بۆ ژیان
2- گوورچیلەکانت چۆن کار ئە کەن؟
3- توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی گوورچیلەکان
4- گوورچیلەکان و بەرز بوونی پەستانی خوێن Hypertension -
5- گوورچیلەکان و نەخۆشی شەکرەی خوێن Diabetes -
6- گوورچیلەکان، نەخۆشی گوورچیلەکان و توواناى زاوزێ
7- کێشەی ویراسی بلۆقە کانی گوورچیلە Genetic Kidney Cyst
8- بەردی گوورچیلە Kidney Stone -
9- التهاب ڕێگای میز Cystitis Inflammation&Urethritis Inflammation-
10- التهابی بەشی پالاوگەی(فیلتەری) گوورچیلە Glomerulonephritis -
11- غودەی گوورچیلە Kidney tumor-
12- کەمتر کارکردنی درێژخایەنی گوورچیلە Chronic Renal failure of kidney failure -

created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

-13پاڵاوتنی خوێن Dyalese-
- 14گۆڕینی گوورچیله Kidney Transplantation -
-15سەرچاوەکان

**باسێک له بارەی گوورچیلەکان و کاریگەریه نەرینیەکانی نه خۆشی گوورچیلەکان**
**گوورچیەلەکانت زۆر گرنگن بۆ ژیان**
**کاری گوورچیلەکان چیه و تووشی نەخۆشی گوورچیله بوون مانای چیه؟**

جەسته یان لەشی مرۆڤ دوونیایەکی پڕ له سرنج و تەکنیکه :هەموو رۆژێک لەشی مرۆڤ ماده پێکهاتەکانی به سوود درووست ئەکات و مادەی ژەهراوی له جەسته دا فرێ ئەداته دەرەوە. بۆ ئەم پرۆسەیه ووردەکاریەکی زۆر ناسکی پێویسته .ئەگەر ئەم پاسەنگه (Balans) تێک چوو، لێرەدا کێشه پەیدا ئەبێت. ئینجا لێرەدا گوورچیلەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیه.
گوورچیلەکان بەس تەنیا پاڵێوگەیەک (فیلتەر) نین: ئەوان ئەرکی خوێن پاک کردنەوەیان هەیە، هەروەها گوورچیلەکان کار ئەکەن بۆ ڕاگرتنی تەوازنی" ئاو" له لەشی مرۆڤدا .

گوورچیەلەکان هەروەها ئەو هۆرمۆنانه درووست ئەکەن که ئەرکی ڕێکخستنی کاری پەستانی خوێنیان به ئەستۆوەیه ،
له پرۆسەی بەرهەم هێنانی خڕۆلکەسوورەکانی جەسته و هەروەها بۆ ڕێکستنی مادەپێکهاتەی ناو ئێسکەکان وەکLime:
ئەگەر گوورچیلەکان باش کار نەکەن و چارەسەری نەکرێن، کێشه و ئازارێکی زۆر بۆ مرۆڤ درووست ئەکەن و ئەگەری کۆچی بەدووا وەیه. ئینجا بۆیه گوورچیلەکان زۆر گرنگن له ژیاندا.

-1بۆڕی گەورەی خوێنی گوورچیله
2- Aorta
(بۆڕی گەورەی خوێن بەشی ژێرەوە-3 Vena Cava Inferior-
-4بۆڕی خوێنی گوورچیله
- 5گوورچیله Kidney -
- 6بۆڕیەکانی میزهێنەرله ناو زگ دا Ureters -
- 7میزڵدان Vesica urinaria -
-8میزدۆش Urethra
- 9حەوز Pelvis -

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## نەخۆشی گوورچیلە

هەزاران کەس هەن کە گوورچیلەکانیان باش کار ناکەن.ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک وەک :

-کێشەکە هەر لە پێش لە دایک بوون هەبێت
- -التهاب -Inflammation
-گوورچیلە تێکچوون بە هۆی نەخۆشیەک، بۆ نموونە نەخۆشی بەرزبوونی پەستانی خوێن - Hypertansion
یان نەخۆشی شەکرەی خوێن -Diabetes Mellitus

خۆشبەختانە هەندێک لە نەخۆشیەکانی گوورچیلە چاک ئەبنەوە بە بێ ئەوەی کە کارکردنی ئاسای گوورچیلە تێک بدەن. ئەگەر ئەوە بە ئەم شێوەیە نەبێت و بێتوو گوورچیلە بەرە بەرە کەمتر کار بکات، ئەوە پێی ئەڵێن: سستکاری دایمی گوورچیلە Chronic kidney failure -بە وەسیلەی داو و دەرمان وداڕشتنی خشتەی خۆراکی گوونجاوی ڕۆژانە(پارێز)، هەوڵ دە درێت کە کارکردنی گوورچیلەکان لە حاڵەتێکی ئاسایدا ڕابگرێت. ئەگەر ئەوە نەکرا، ئەبێت کارکردنی گوورچیلە وەربگێرێت واتا نەخۆش چارەسەر بکرێت بە چارەسەریەک کە لە جیاتی کاری گوورچیلە کەی خۆی کار بکات واتا بە ئامێری گوورچیلەی دەستکرد .

## چارەسەری بە گوورچیلەی دەستکرد

هێز و تووانای شاراوەی Reserve Capacity))گوورچیلەکان یەکجار زۆرە. ئەکرێت مرۆڤ بە یەک گوورچیلە ژیان بباتە سەر.بەڵام ئەگەر کارکردنی گوورچیلە بە شێوەیەک دابەزێت کە کەمتر لە 10%بمێنێتەوە، ئەوسا جەستە-لەش تووشی گرفتی ژەهر دەبێت کە دەرەنجامی ئەو پاشماوەی مادەکانن کە لە ناو لەشی مرۆڤدا پەستاون. ئینجا خوێن دەبێت پاک بکرێتەوە یان با بڵێین ئەبێت خوێن بپاڵێورێت.ئەو کردووەیە پێی ئەڵێن Dialysis:

پاڵاوتنی خوێن -Dialysation
پاڵاوتنی خوێن بە دوو شێوە ئەکرێت:
-بە ئامێری گوورچیلە ی دەستکرد -Hemodialysis
-لە Peritoneal dialysis

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

به شێوەی Hemodialyse خوێن دەپاڵێورێت لە دەرەوەی لەشی مرۆڤدا، لە ناو ئامێری Dialyse دا.ئەو کردەوەیە زیاتر 3 کەرەت لە یەک هەفتەدا ئەکرێت، یەک چارەسەری(هەر جارێک) 4 تا 5 کاتژمێری ئەوێت .

لە Peritoneal dialysis بۆ پاڵاوتن لە پەردەی" زگ" خۆی کەڵک وەەدەگرێت ،ئینجا بۆیە شۆردنەوەی زگیشی پێ دەووترێت.ئەم شێوەیە نەخۆشەکە ئەتوانێت لە ماڵەوش ئەنجامی بدات، 4 تا 5 کەرەت لە رۆژدا و هەر جارێک بۆ ماوەی نیو کاتژمێر، یان لە شەودا بەردەوام .

نەخۆشەکانی Dialysis تووشی هەندێک پاشکۆ نەخۆشی و کێشە دەبن وەک: زۆر ماندوو بوون و یان خووران(ئاڵۆش)لە تەواوی لەشدا.هەروەها رێژەی ئاو لە لەشدا دەبێت سنووردار بێت و هەروەها دەبێت خشتەی خۆراکی گوونجاوی رۆژانەیان دەستنیشان بکەن؛ ئەوان دەبێت زۆر پارێز لە بەکار هێنانی خوێ بکەن. نەخۆشەکان بوواریان لە لایەن تەندرووستیەوە باشتر دەبێت ،بەڵام تووانای کارکردنی گوورچیلەکە هەر 10% دە مێنێتەوە .

پاڵاوتن یان خاوێنکردنەوەی خوێن پرۆسەیەکی زۆر بە کێشە و گرفتە(هێزی دەوێت). ئینجا بۆیە گوورچیلەیەکی نوێ دەتووانێت زۆر لە ئەم گرفتانە کەمتر بکاتەوە .

## گوورچیلە گۆڕین Transplantation-

بە گۆڕینی گوورچیلە باری تەندرووستی نەخۆش زۆر باشتر دەبێت و نەخۆشەکە زۆر ئازادترە(بەستەراو نیە بە کێشەی رۆژانەی خوێنپاڵاوتن Dialysis :( پێویست ناکات.
دووای گۆڕێنی گوورچیلە بەکار هێنانی داو دەرمان هەر زەرووریە بۆ ئەوەی کە ئەگەری (ریسک فاکتۆری) تێکچوون یان لە بەین
چوونی گوورچیلەکە کەمتر بکرێتەوە .

لە هۆڵەندا ئەو نەخۆشانەی کە شایانن(بۆ هەر نەخۆشێک ناکرێت یان ناتواندرێت گورچیلەی بۆ بگۆڕن)، گوورچیلەیان بگۆڕدرێت، دەبێت ماوەی کەم یان زیاد 4،5 لە نۆبەت دا بن تا ئەو نەشتەرگەریەیان بۆ دەکرێت.ئیستا لە ئەو وڵاتەدا 1400 نەخۆش ناویان لە لیستی چاوەڕووانی دایە .

## کێشە و گرفتەکانی ناخۆش لە هۆکاری ئەم نەخۆشیە :

زۆر لە ئەو کەسانەی کە دووچاری ئەو نەخۆشیەن، هەندێک کێشەیان بۆ دروست دە بێت وەک :

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

-1کەم خوێنی Anemia -

-2بەرزبوونی پەستانی خوێنHypertensio-

-3ئەگەری زۆری بۆ تووشبوون بە چڵک(نەخۆشیەکانی کە بە هۆی میکرۆباکتەریایەکانەوە درووست ئەبن ( Infection

-4کێشەی ئێسکەکان

-5خووران(ئاڵۆش Itching(

ئەو نەخۆشانە زیاتر دەرمان بەکار دەهێنن و هەروەها ڕە چاوی خشتەی دارێژراوی خۆراکی ڕۆژانەیان دەکەن( پارێز.(

دەبێت ئەوش بزانین کە Dialysis کارێکی زۆر گرانە و نەخۆش زۆر پێوەی دەبەسترێتەوە ، بەڵام گوورچیلەی نوێش هەمووکاتێک یان هەمیشە سەرکەوتوو نیە، ئەویش بە نۆبەی خۆی هەندێک گرفتی هەیە .

Dialysisزۆری کات دەوەێت و سەرقالی زۆرە لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەڕاستی ئەوە دەبێتە پیشەی ڕۆژانەی نەخۆش.

بەڵام زۆر نەخۆش هەن کە پێی ڕاهاتوونە و خۆیان گوونجاندووە لە گەڵ ئەم کێشەیە و تێیدا سەرکەوتوون .

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image